# غەزەلی

# غەزەلەکانی سولەیمان

سەرچاوە:
Song of Solomon
کینگ جێمز ڤێرسۆن

ناوی کتێب: غەزەلی غەزەلەکانی سولەیمان

وەرگێڕانی: بەیان عەزیزی

بابەت: شیعر

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠دینار

ژمارەی سپاردن: ١٣٧٤ ی ٢٠٠٨

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

کوردستان -سلێمانی

**www.serdam.net**
**www.serdam.info**

# غەزەلی

# غەزەلەکانی سولەیمان

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە**

بەیان عەزیزی

**سلێمانی ٢٠٠٨**

زنجیره كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
كتێبی گیرفانی ژمارە ( ٩٦ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# عەشق وەک مەرگ بەتوانایە

## پێشەکی وەرگێر

لە تەوراتی موسادا پاش کتێبەکانی ئەیوب و داوود کتێبی سولەیمانی پێغەمبەر هاتووە کە لە کتێبی پیرۆزدا لەگەڵ چوار کتێبی بچوکتر گرووپی پێنج مەگیلات پێک دێنن. ئەم پێنجە زۆرجار لەجێژنی «فەسح»ی جوولەکەکاندا دەخوێندرێن.

لەپاش هاتنی مەسیح داو نازڵبوونی ئینجیل ئەم بەشە لە تەورات بەردەوام جەمسەری بەرهەڵستگرتن و راوئیدەی یەگجار جیاواز بووە. خاخام «ئاکینا» ئەم کتێبە بە «قودسولقودس» ناودەبات کە جێگەیەکی پتەوی هەیە لەژیانی

جووله‌که‌کاندا هه‌ندێ له‌ مسیحیه‌کان به‌ ته‌مسیل و ئیشاره‌تی ده‌زان بۆهاتنی مه‌سیح و زۆر که‌سیش به‌توندی رووبه‌رووی بوونه‌وه‌ و به‌هۆی ئیماژو وێنه‌ جینسی و ئێرۆتیکیه‌کان و بابه‌ته‌کانی به‌ قه‌ده‌غه‌ و بۆش و نائه‌خلاقی ناو ده‌به‌ن.

به‌ته‌واوی ئه‌و شتانه‌وه‌ ناکرێ نکولی له‌وه‌ بکه‌ین که‌ هاتنی ئه‌م ده‌قه‌ عاشقانانه‌ له‌نێو کتێبی ئایینی‌دا وه‌ک نموونه‌یه‌کی بێ‌وێنه‌ و ده‌گمه‌نه‌ که‌ ئیتر له‌ کتێبه‌کانی دوای ته‌وراتدا به‌هیچ شێوه‌ دووپات نه‌بۆته‌وه‌. به‌هاتنی ئایینه‌کانه‌ که‌ ئه‌خلاق دێته‌ ئاراوه‌ و سنوورێک ده‌کێشرێت له‌بینی زۆرشتدا که‌ گرنگترینی پێوه‌ندی نێوان ژن و پیاوه‌. له‌وه‌ به‌دواش ئه‌و سنووره‌ سه‌ره‌کییه‌ هێڵی دیکه‌ی لێده‌بێته‌وه‌ وه‌ک جیاکردنه‌وه‌ی عه‌شقی جه‌سته‌یی له‌ عه‌شقی عیرفانی یان رۆحی. عه‌شق که‌ پێشتر به‌هێزترین وزه‌ بووه‌ و له‌ په‌یکه‌ره‌کانی خواوه‌نده‌کانی میسرو ئێران و یۆناندا وه‌ک جوانترین شێوه‌ پێشاندراوه‌ ئه‌مجاره‌ پێناسه‌ی تازه‌

بـــەخۆوە دەگرێــت و دەچێتــە بازنـــەی عــورف و ئەخلاقــەوە و بەتایبــەت ئــەخلاقێک کــە ئــایین بنەماکانی دادەرێژێت.

لـەم کتێبــەدا ئـەوەی ئینکـار نـاکرێ عەشـقی ئـــاگرینی نێـــوان ژن و پیاوەکـــە عەشـــقێکی جەستەیی‌یە و لـە سروشـتی‌تـرین شـێوەدا خـۆی دەنوێنێت و هەروەها ئاماژەکان یەکسەرە لە خودی ژیان و سروشتەوە دێن بۆ وێنە شوبهاندنی قژەکانی یار بەو بزنە رەشـانەی لـەکێو دێنـە خـوارەوە یـان بەرابــەر کردنــی خۆشەویـست بەباشــترین ئەســپی فێرعەون.

هەربۆیـــە غـــەزەلی غەزەلـــەکانی ســـولەیمان تارادەیەکی زۆر نائاسایی، بێ‌وێنــە، جـوان و خــەون ئاسا دێتە بــەرچاو. مێـژووی وتنــی ئــەو غەزەلانــە هێشتا بەدروستی نــەزانراوە بەڵــام هەنــدێ کــەس دەیگەرێننــەوە بــۆ سێــسەد ســاڵ بەرلــە مــیلادی مەسیح و هەندێکی‌تر بۆ نۆسەد ساڵ بەرلە میلاد.

جیا لەوە لەسەر ئەم بابەتــەش کــە چ کەســێک

غەزەڵی غەزەڵەکانی سولەیمانی نووسیوە گومان هەیە.

بەهێزترین شیمانە دەڵێ خودی حەزرەتی سولەیمان شاعیریەتی بەڵام پیتی عێبری مانای جیاوازی لێدەبێتەوە کە دەکرێ بوترێت: بۆ سولەیمان، لەبەر سولەیمان یان لەبارەی سولەیمانەوە. هەرچی بێت سولەیمان کاراکتەری سەرەکی کتێبە.

سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەکوردی دەبێ ئەوە بڵێم کە سەرەتا لە کتێبی پیرۆزدا واتە تەورات عەهدی عەتیق و عەهدی نوێدا ئەو بەشەم خوێندەوە دیارە وەرگێرانی «فازڵ خانی هەمەدانی و ڤیلیام گێلێن و هێنری مەرتێن»م لەبەردەستدا بوو لە عیبرییەوە بۆ فارسی چاپی١٣٧٩. هەستم کرد هەندێ شوێن بەزمانێکی قورس وەرگێردراوەتە فارسی کە ناتوانێ باری غینایی دەقەکە بگەیێنێت پاشان چاوم بە وەرگێرانەکانی «حەسەن سەفدەری» کەوت کە

ئاماژەی داوە لەزمانی عیبری و ئێنگلیزییەوە کـاری کردووە. بەشوێن دەقی سەرەکی‌دا گەڕام و ئـەوەم بە قەڵەمی «کینگ جێمـز ڤێرسـۆن» پەیـدا کـرد لـەژێر نـاوی Song of Solomon لـە هەشت بەش یـان دەروازەدا کـە کامـڵترین و بـێ خەوشترین نوسخەی ئەو بەشەی تەوراتە و لـەوێوە وەرمگێرایە سەرزمانی کوردی. پاش ئـەوە بـوو کـە زانیم بەداخەوە دەقەکەی سەفدەری پڕ لە هەڵـە و یەگجار دوورە لەزمانی سەرەکی کە کەسیش تا ئەو شوێنەی بزانم لەنێو فارسەکاندا ئاماژەی بـەو هەڵـە گەورانە نەکردووە کە سەفدەری لـەچاپی غەزەلـی غەزەلەکانی سولەیماندا کردویەتی. پاش وەرگێـران لە ئینگلیزییەوە ئاوڕم لە کتێبـی تـەورات دایـەوە و دیسان پێداچوومەوەو ئێستاش لەسەر ئەو بـاوەڕەم رەنگـە وەرگێرانەکـەی مـن باشـترین وەرگێـران نەبێت.

بەر لە خوێندنەوەی دەق دەبێ ئاماژە بە چەنـد شت بکەم:

١ـ لــه زمــانی ئینگلیــزی‌دا بــه وشــه‌کانی he, she, his, him و... ده‌رئه‌که‌وێت کـه عاشق کێیه یان مه‌عشوق کێیه به‌ڵام له عێبری‌دا و پاشان له‌فارسی و کوردیدا ده‌رناکـه‌وێت کـه بێـژه‌ر کێیه و به‌رەنگ ده‌بێ کێ بێت. من حه‌زم نه‌کرد له کوردییه‌که‌دا ئه‌وانه جیا بکه‌مـه‌وه چونکـه واده‌زانم ئیشاره‌ته‌کان یه‌کجار ئاشکران و فـه‌زای ئێرۆتیکـی زاڵ به‌سه‌ر ده‌قه‌که‌دا خۆی ڕێنمـوونی ده‌کـات کـه ده‌نگه‌کان هی کـێن هـه‌روه‌ها هاتنـه ئـارای نـاوی به‌شه‌کانی جه‌ســته ده‌ق لـه شـیکردنه‌وه بـێ نیـاز ده‌کات.

٢ـ بۆ تێگه‌یـشتن لـه‌م کتێبـه خوێنـه‌ر ده‌بـێ پێــشتر هه‌نــدێ زانیــاری هــه‌بێت بــۆ وێنــه «خۆشه‌ویسته‌که‌م، بووکه‌کـه‌م، خوشـکه‌که‌م» بـه‌و مانایه که سه‌رده‌می باستان سه‌رده‌می تێکه‌ڵـبوونی جه‌ســته‌یی یــان پێکــه‌وه ژیــانی مه‌حره‌مــه‌کان و هاوخوێنه‌کان بووه. زه‌ماوه‌ندی نێوان خوشک و بـرا ئاسایی بووه و غه‌یری ئه‌وه به نائاسایی ده‌زانرا.

یاخی بوون دەکرا بەشێوەی لادانی خوشک یان برا لە یەکتر و دڵداری لەگەڵ کەسێکی‌تر بووایە هەر بۆیە لەبەشێکدا عاشق دەڵێ خۆزگە تۆ شیری دایکی منت بخواردایە.

٣ـ تەرتیبی وەرگێران بەم شێوەیە کە هەر دەروازە بە سورەیەک ناو دەبرێت و هەر ڕستە بە ئایەتێک. دیارە پۆلێنکارییەکەی من هەر لە دەقی سەرەکی وەرگێرانەکەم واتە ئینگلیزییەوەیە.

**بەیان (کوێستان) عەزیزی**

# دەروازەی یەکەم

١

سرودی سرودەکان کە تایبەت بە سولەیمانە

٢

بریا ماچم بکات بەماچێ لەماچەکانی دەمی

چۆنکە

عەشقی تۆ باشترە لە شەراب

٣

چێژوبۆنت خۆشەو ناوی تۆ وەک رۆنی ڕژاوە،

خۆش عەتر

هەربۆیە کچەکان تۆیان خۆش دەوێت

٤

من بەرەولای خۆت ڕاکێشە

بەدوای تۆدا هەڵدێم

گەورەم منی هێناوەتە چۆڵگەی خۆیەوە

لەتۆ شادمان دەبین و سەرخۆش

ئێمە زیاتر لە شەراب

زیکری خۆشەویستی تۆ دەکەین

راستبێژان خۆشیان دەوێیت

٥

ئەی کیژەکانی ئورشەلیم

من رەشم بەڵام جوانم

هەروەک چۆن رەشماڵەکانی «کیدەر»و

سەراپەردەکانی سولەیمان

٦

ئاوا چاو لەمن مەبڕن

رەشم من

چونکە خۆر چاوی لەمن بڕیوە

کوڕانی دایکم ڕقیان لێهەڵگرتم

منیان نارد بۆ پاسەوانی رەزەکان و

من چاودێری رەزەکەی خۆم نەکرد

٧

پێم بڵێ

ئەی کە رۆحەکەم لەدوی تۆ دەروات

پێم بڵێ مێگەلت لەکوێ ئەلەوەرێنی؟

لەگەڵیان نیوەرۆ لەکوێ پشوو ئەدەی

بۆ گەیشتن بەتۆ

بۆ دەبێ سەرگەردان بم

لەنێو مێگەلی هاورێکانتدا؟

٨

گەرنازانی

ئەی جوانترین لەنێو ژناندا،

شوێنەواری مێگەل بگرەو وەرە

وەرەو لە کاژیلەکانت گەرێ

لای رەشماڵی شوانەکان بلەوەرن

٩

عەشقەکەم!

ئەی کە تۆم بۆ جوانی

لەگەڵ ئەسپەکانی پەیتوونی فێرعەوندا قیاس

کردووە

١٠

گۆنات لەنێو ئەگریجەکانتداو

ملوانکە لەسەر ملت جوانن

١١

بۆتۆ زنجیری زێرو

ئاوێزی زیو ساز دەکەین

١٢

کەگەورەم لە مەجلیسی خۆی دادەنیشێت

سونبولەکەم عەترە دەپژێنێت

١٣

ئازیزەکەم وەک چەپکەیەک (مۆر)

لەسەر مەمکەکانم دەخەوێت

بەدرێژایی شەو

١٤

ئازیزەکەم بۆمن پەلکەیەک خەنەیە

لە رەزەکانی «ئێنجودەی»یەوە

١٥

بڕوانە

عەشقەکەم بڕوانە

تۆ جوانی

چاوی کۆترەکانت هەیە، جوانی!

١٦

برِوانە

ئازیزەکەم چەندە جوانی تۆ!

جوان و پڕنعمەت

جێ و بانەکەشمان سەوزە

١٧

دارەڕایماڵەکەمان سەوڵی ئازادە

بنمیچەکەشمان لە سنۆبەر

# دەروازەی دووهەم

١

ئەمە منم گوڵەباخی «شارۆن»

سۆسنی دۆڵەکان

٢

هەروەک چۆن سۆسن لەنێو دڕکدا

خۆشەویستەکەم ئاوەهایە

لەنێو کچەکاندا

٣

هەرەک چۆن دارسێو لەنێو دارەکانی جەنگەڵدا

خۆشەویستەکەم ئاوەهایە

لەنێو کوڕاندا

لەژێر سێبەرەکەیدا

بەخۆشیەوە دانیشتم

میوەکەی لە زارمدا

چ شیرین بوو

٤

منی برد بۆ میوانی

عەشقەکەی ئاڵایەکی شەکاوەیە

لەسەر سەرمەوە

٥

بە سوراحیەک شەراب بمهێڵنەوە سوکناییم بدەن

بەسێوێک ئارامم بکەنەوە

کەمن نەخۆشی عەشقم

٦

دەستی چەپی لەژێر سەرمداو

دەستە ڕاستەکەی دەمگرێتە باوەش

٧

ئەی کیژەکانی ئورشەلیم

سوێندتان دەدەم

بەمامزە بچوک و مێکانی سەحراکان

ئەم خۆشەویستە هەڵمەستێنن

تا هەرکات خۆی حەز بکات

٨

دەنگی عەشقەکەی من دێ!

بڕوانە

له بڵندایی کێوەکانەوە تەرلان تەرلان دێ و

بەسەر دۆڵەکاندا دائەگەڕێت

٩

خۆشەویستەکەم ئاسکەیان وەک مامزێک

لەپشت دیوارەکەماندا ڕاوەستاوە

لە پەنجەرەکانەوە دەڕوانێت و

لەپشت دەلاقەوە

خۆی نمایان دەکات

١٠

خۆشەویـــستەکەم پێـــی وتم: هەڵـــستە،

عەشقەکەم

جوانەکەی خۆم وەرە بۆلای من!

١١

چونکە ئێستا

زستان تێپەڕ بوو

باران باریووەو ئیتر

ئێرەی جێ هێشتووە

١٢

گوڵەکان لەخاکدا دەردەکەون

کاتی جریوەی باڵندەکانە و

دەنگی قومری لە وڵاتەکەماندا

دەبیسترێت

١٣

دارهەنجیربەری گرتووە

دارمێوەکان

گوڵیان دەرکەوتووەو

چ بۆنێکی خۆش دەپرژێنن

جوانەکەم

تاقانە یارەکەم هەستەوەرە بۆلای من

١٤

کۆترەکەم!

تۆ لە قەڵشتی گاشە بەردەکاندای و

لە شوێنێکی نهێنی پیلکانە و داڵانەکان

هەنگاو هەڵدێنی

ئیزنم بدە

باروخسارت ببینم

ئیزنم بدە دەنگت ببیستم

دەنگت شیرینە و

روخسارت هەرە جوان

١٥

ئەم چەقەڵانە بۆبگرن

ئەو چەقەڵە چکۆلانەی

رەزەکان هەڵدەشێلن

دارمێوەکانمان پێ گەیووەو

خەریکەترێ دەردەکا

١٦

من هی یارەکەمم

یارەکەشم هی منە

ئەو لەنێو

سۆسنەکاندا پیاسە دەکات

١٧

بەرلەوەی رۆژ بگاتە کۆتایی

سێبەرەکان هەڵبێن لێرە

بگەرێوە خۆشەویستەکەی من

وەک ئاسک

یان وەک مامز

بەسەر کێوەکانی «بێسر»ەوەبە.

# دەروازەی سێهەم

١

شەو لەجێ و بانەکەمدا

بەشوێن خۆشەویستەکەمدا گەڕام

ئەوەی رۆحم بەدوایا دەروات

من بەشوێن ئەدا گەڕام

بەڵام نەمدۆزیەوە

٢

ئێستا دەبێ هەستم

هەستم و کۆڵانەکانی شاری بۆ بپشکنم

لەشارێکاندا من دەگەڕێم بەشوێنیدا

ئەوەی کە ڕۆحم بەدوایا دەڕوات

زۆر گەڕام بەڵام نەمدۆزیەوە

٣

پاسەوانەکانی شەو لەشاردا بوون

منیان پەیدا کرد

بەوانم وت

نەتاندیووە ئەوخۆشەویستەی

ڕۆحی من بەدوایا دەڕوات؟

٤

پاش ماوەیەکی کورت

جێم هێشتن و خۆشەویستەکەم دۆزیەوە

ئەوەی ڕۆحم بەدوایدا بوو

گرتم و نەمهێشت بڕوا

تا هێنام بۆماڵی دایکم
ڕەهام نەکرد و
بردمە نێو ئەو ژوورەوە
کە نوتفەی من
لەوێدا بەسترابوو

٥

سوێندتان دەدەم
ئەی کیژەکانی ئورشەلیم
بەمامزە بچووک و مێکانی سەحراکان
ئەم خۆشەویستە هەڵمەستێنن
تاهەرکات خۆی حەز بکات

٦

ئەمە کێیە

لەبیابانەوە دێت

وەک ئەستوونێک هەڵـم لـە بوخـورو عـەترو

بەهارات

بۆنخۆشکراو بە «مۆر» و «کۆندەر»

هەروەها بەگشت ئەو گەردو عەترانەی

تاجیرەکان دەیهێنن

٧

بڕوانە! ئەمە تەختی سولەیمانە

سێ بیستی پیاوی پاڵەوان بەدەورەیەوە

لە پاڵەوانەکانی ئیسرائیل

٨

هەموو لە شەڕ گەڕاوەو شمشێر ژەن

هەرکامیان شمشێرێکیان بەستووە بەکەمەر

لەخۆفی تاریکی و شەو

٩

شاسولەیمان

تەختی ساز کردووە

لە دارەکانی لوبنان

١٠

ئەستونەکانی لەزیووە

فەرشەکەی زێر

ساباتەکەی لە ئەرخەوان

ناوەکەی بەفەرشی عەشق راخراوە

بەتان و پۆی عەشقی کچانی ئورشەلیم

١١

بڕۆنە پێشوازی، ئەی کیژەکانی سەهیون

بڕواننە شاسولەیمان و

تاجێک کە دایکی رۆژی زەماوەند

لەکاتی شادی دلێدا

لەسەری دانا.

# دەروازەی چوارەم

١

جوانەکەم تۆ زۆر جوانی

چاوەکانت لەبەینی ئەگریجەکانتدا

وەک چاوی کۆتروایە

قژەکانت هەروەک کۆمەڵێک بزنی رەش

لەوانەی لەکێوی «گێلعاد»ەوە

دەردەکەون

٢

سپییەتی ددانەکانت

وەک سـپییەتی ئـەو مەڕانەیـە/ سمیـان

قرتاندوون و تازە شۆردراون

کەنەتەنیا نەزۆک نین

جووتەشیان دەبێت

٣

لێوەکانت دوو قەیتانی سوورن

وتەکانت خۆشە

گۆنات لەنێو ئەگریجەکانتدا

لە هەناری قەڵشاو دەچێت

٤

ملت بووجی داوودە

دەڵێیٚ بۆچەکخانە دروستکراوە

لەوێوە هەزاران سپەر هەڵواسراوە

بۆ شەڕکردنی پاڵەوانەکان

٥

مەمکەکانت دوومامزی جووتەن

لەنێوسۆسنەکاندا یاری دەکەن

٦

کە رۆژئاوا دەبێت و

سێبەرەکان هەڵدێن

خـۆم دەگەیێنمـە کێـوی «مـۆر» و لوتکـەی

«کۆندەر»

٧

خۆشەویستەکەم جوانەکەم

جوانی و

هیچ کەم و کوڕییەکت تێدا نییە

٨

لەگەڵ من وەرە بۆ لوبنان، بووکەکەم

لەوێوە لە بەرزایی «ئەمانە»وە بڕوانە

لەلای من لە بەرزایی شتیر و حەومونەوە

بڕوانە کولانەی شێرو پلینگەکان

٩

دڵت بردووم، ئەی یارەکەم! ئەی خوشکەکەم

بەیەکێ لە چاوەکانت

بە مورووی زنجیری ملت

١٠

عەشـــقەکەت جوانـــە، بووکەکـــەی مـــن!

خوشکەکەم

عەشقی تۆ چەندە لەشەراب خۆشترە

عەتری تۆ لە هەرچی گیایە بۆنخۆشترە

١١

هەنگوین لەلێوەکانتەوە دەتکێ بووکەکەم

شیرو هەنگوین لەژێر زمانتایە

جلەکانت بۆنی لوبنانی لێدێ

١٢

بووکەکەم باخێکی پەرژین کراوە

کانیاوێکی ناب و بێ خەوش

سەرچاوەی مۆرومۆمکراو

١٣

تۆ مەزرایەکی، بەهەشتێک لە هەنار

پڕ لە میوەی بەلەزەت و خەنەو سونبول

١٤

سونبول، زافەران، قامیشەلان و دارچین

بەگشت دارەکانی کۆندەرەوە

مۆر و گشت بۆن و عەترەکانەوە

١٥

سەرچاوەی باخەکان

کانی ئاوی حەیات

رووبارە پڕ ئاوەکان

هەمووی لە لوبنانە

١٦

وەرە بای باکوورو

ئەی بای باشوور هەڵکە

بەنێو باخ و بێستانەکەمدا

با بۆنی عەتر و گەردەکان بڵاوببنەوە

یارەکەم بێت بۆ باخی خۆی

بێت و میوە بە لەزەتەکانی نۆشی گیان بکا

# دەروازەی پێنجەم

١

عەشقەکەم، بووکەکەم

هاتووم بۆ باخی خۆم

«مـــۆر»ەکـــەم لەگـــەڵ عـــەتر و بهـــارات

کۆکردۆتەوە

شانەکەم بە هەنگوینەوە خوارد

شەرابەکەی خۆم بەشیرەوە خواردۆتەوە

دۆستان بخۆن و

ئەی یاران بەشادی بخۆنەوە!

٢

دەخەوم بەڵام دڵم بەخەبەرە

ئەمــە دەنگــی خۆشەویــستەکەمە ئــەدات

لەدرگا

دەبیستم ئەڵێ

بیکەوە، عەشقەکەم، درگاکە

کۆترەکەم، یارم، دڵدارم

سەرم لە شەونم و پەلکەی قژەکانم

لە ژاڵەی شەو تەڕە، درگا بکەوە!

٣

من بەڵام جلەکانم داکەندووە

چۆن دیسان لەبەریان کەمەوە؟

قاچەکانم شۆردووە

چۆن دەتوانم پیسیان بکەمەوە؟

٤

ئازیزەکـــەم دەســـتی خـــستۆتە قەڵـــشی

درگاکەوە

دڵ و گیانم کەوتۆتە لەرزە

٥

هەستام درگاکەی بۆ بکەمەوە

کە دەستم خستە سەر قوفڵەکە

عەتری مۆر لەسەر پەنجەکانمەوە تکا

٦

درگام بۆ خۆشەویستەکەم کردەوە

ڕۆیشتبوو بەداخەوە

بەشوێن ئەودا گەڕام

نەمدۆزیەوە

هەرچی بانگم کرد

وڵامم نەبیست

بەدوایدا هەڵاتمە کۆڵان

٧

لەنێو شاردا

پاسەوانەکانی شەو منیان دۆزیەوە

لێیان دام، ئازاریان پێ گەیاندم

ئێشکچییەکانی حەسار و قەڵاکان

روبەندەکەیان لابردم

٨

ئەی کیژەکانی ئورشەلیم!

سوێندتان دەدەم

ئەگەر ئازیزەکەی منتان دۆزیەوە

پێی بڵێن نەخۆشی عەشقم!

٩

ئەی جوانترین لەنێو ژنەکاندا

خۆشەویستەکەی تۆ چ فەرێکی هەیە بەسەر دیتراندا؟

چ فەرێکی هەیە خۆشەویستەکەت

کە ئاوەها سوێندمان دەدەی؟

١٠

خۆشەویستەکەم سپی و گوڵ روخسارە

لەنێو دەهەزاردا ئەو سەرۆک و سالارە

١١

سەری وەک ئاڵتونە

ئەگریجەکانی وەک دارستانی چڕ

وەک قاڵاو ڕەش

١٢

چاوەکانی چاوی کۆترەکانە شۆردراوە بەشیر

کە بە ڕیز هەڵدەنیشن

١٣

گۆنای مێرگی عەترو بۆنە

لەگوڵ ئاڵ و جوانتر

لێوەکانی سۆسنە

کە هەر بەرامە دەپرژێنێت

١٤

دەستەکانی ئاڵقەی زێرن

رازاوەتەوە بە یاقووتی مۆر

ئەندامی لە عاج تاشراوە

سەیقل دراوبە یاقووتی مۆر

١٥

دوو ستونی مەڕمەڕە ساقی پێی

راوەستاوە لەسەر پایەی زێڕ

باڵای، سەولێکی بێ وێنەی لوبنانی

١٦

دەمی شیرینترە لە شیرین

هەموو شتێکی دڵخوازە

خۆشەویستەکەم ئەمەیە

ئەی کیژەکانی ئورشەلیم

ئەمە ئازیزەکەی منە.

# دەروازەی شەشەم

١

خۆشەویستەکەت، ئەی جوانترینی ژنەکان
خۆشەویستەکەت رویی کردۆتە کوێ
بڵێ با هەمووومان بەشوێنیدا بگەڕێین

٢

خۆشەویستەکەم چۆتە باخی خۆیەوە
بۆجێ و بانەعەتراوییەکەی
لەدۆڵ و مێرگ رانەکە دەلەوەرێنێ و
سۆسنەکان دەچنێتەوە

٣

من هی خۆشەویستەکەمم

خۆشەویستەکەشم هی منە

ئەو لە نێو سۆسنەکاندایە

٤

عەشقەکەم تۆ جوانی

وەک هەرێمی «تیرزە» دڵخوازو

جوان وەک ئورشەلیم

بەشکۆتر لە لەشکری پیرۆزو ئاڵا شەکاوەیت

٥

چاو لەمن مەبڕە!

چونکە چاوەکانت بەسەرمندا زاڵن

خرمانەی قژەکانت دەڵێی

ئەو بزنە ڕەشانەن

لەکێوی «گێلعاد»ەوە دەردەکەون

٦

سپیەتی ددانەکانت

وەک سپییەتی ئەو مەڕانەیە

سمیان قرتاندووەن و تازە شۆردراون

کە نەتەنیا نەزۆک نین

جووتەشیان دەبێت

٧

گۆنات لەنێو ئەگریجەکانتدا

لە هەناری قەڵشاو دەچێت

لەنێو سێ بیست مەلیکەداو

چوار بیست کەنیز
و کچانێکی بێ ئەژماردا

٨

کۆترەکەم، بێگەردەکەی من
تاک و بێ هاوتایە
ئازیز و تاقانەی دایکی
ئەو دایکەی ئەوی بووە
ئەو کچانەی چاویان پێ کەوتووە
پیرۆزباییان لێ کردووە
مەلیکە و کەنیزەکان مەدحیان کردووە

٩

ئەمە کێیە وەک سپێدە ئەدرەوشێتەوە
جوان وەک مانگ

درەوشاوە وەک هەتاو
بەشکۆیە وەک لەشکری ئاڵا شەکاوە

١٠

چومە باخی گوێزەوە
ڕۆیشتم بەری میوەی دۆڵەکان ببینم
بزانم ڕەزەکان بەرسیلەیان کردووە
گوڵی داوە هەنار؟

١١

ئاگام لەخۆم نەبوو
گیان و ڕۆحی من دەڕۆی
وەک پەیتوونەکەی «ئەمینادیب»

١٢

بگەڕێوە! بگەڕێوە

ئەی «شولامیت» بگەڕێوە!

بگەڕێوە تاکوو سەیرت بکەین

١٣

بگەڕێمەوە کەلە چاوەکانی «شولامیت»دا

چی ببین

لەشکرکێشی دووبەرەی شەڕکەر؟

# دەروازەی حەوتەم

١

ئەی کچەمیر
قاچەکانت لە سەندەلدا چ بەشکۆن!
رانەکانت دەڵێی جەواهیرن
دەستکردی باشترین وەستاکارەکان

٢

ناوکت پیکێکی خڕە
بێ نیازە لە هەرچی شەراب
سکت خرمانێک گەنم
سۆسنەکان دەوریان گرتووە

٣

مەمکەکانت

دوومامزن پێکەوە لەدایکبوون

٤

ملت بورجێکی عاجە

چاوەکانت روون

وەک ئەستێڵە پڕ لەماسیەکانی «احێشبون»ە

لە دەوروبەری «بریتە رەبیم»

لووتە جوانەکەت لەبورجی لوبنان دەچێت

کەرووبە دەمێشق نیگەرانە

٥

سەرە بەرزەکەت بورجی «کارامێل»ە

پرچەکانت وەک ئەرخەوانە

ئەسیری ئاڵقەی پرچی تۆ، شاکانن

٦

عەشقی من، چەن جوانی

خەزێنەی گشت چێژەکانی

٧

باڵاکەی تۆ وەک دارخورما

مەمکەکانت دوو هێشتووە خورمان

٨

بەخۆم دەوت

بەم دارە بەرزەدا هەڵدەگەڕێم

لقەکانی دەگرم

ئێستا دیسان دەڵێم

مەمکەکانت دووهێشتووە ترێ
بۆنی سێو دەدات هەناسەت.

٩

ناودەمت شەرابی بێ وێنەیە
کەبۆ خۆشەویستەکەم
بەشیرینی دەچێتە خوار
بەماچەکانی
ئەو لێوانە دێنە قسەکردن
کەلە خەودان یان مردوون

١٠

من هی یارم
یارەکەم موشتاقی منە

١١

خۆشەویستەکەم وەرە!

وەرە بەرەو دەشتەکان بڕۆین

لە ئاواییەکاندا بحەسێینەوە

١٢

سەرلەبەیانی هەستین

بڕۆینە نێو رەزەکانەوە

بزانین ئایا ترێکان بەرسیلەیان کردووە

دار هەنار چرۆی گرتووە؟

هەر لەوێدا

عەشقی خۆم بەتۆ نمایان دەکەم

## ١٣

شەمامەکان عەتر دەپرژێنن

لای دەروازەکانی خۆمانەوە

هەموو میوەکان جوانن

گەیوو یان کاڵ هی تۆیە

هەمووم بۆتۆ وەلاخستووە خۆشەویستەکەم!

# دەروازەی هەشتەم

١

خۆزگە تۆ برام بوویتایە

لە مەمکی دایکم شیرت خواردبا

چونکە لەهەرکوێ بمویستایە

دەمتوانی ماچت بکەم

بێ ئەوەی لە ڕیسوا بوون بترسم

٢

تۆم هەڵدەگرت دەمهێنایتە ماڵی دایکم

تۆش فێری منت دەکرد

چۆن شەرابی ناب و

گوشراوەی هەنارت پێ بچێژێنم

٣

دەستی چەپی لەژێر سەرمداو

دەستی راستی دەمگرێتە باوەش

٤

سوێندتان دەدەم ئەی کیژەکانی ئورشەلیم

خۆشەویستەکەم هەڵمەستێنن

تاهەرکات خۆی حەزبکات

٥

ئەمەکێیە لەبیابانەوە دێت

پاڵی داوەبە خۆشەویستەکەیەوە

تۆم لەژێر دارسێودا هەستاند

هەر ئەو شوێنەی دایکت بەتۆوە دووگیان بوو

لەوێ تۆی بوو

٦

من وەک مورووی ئاقیق

بخەسەر دڵت

من وەک مورووی ئاقیق

ببەستە بە باسکتەوە

چونکە عەشق وەک مەرگ بەتوانایە

حەسادەت وەک قەبر بێڕەحم

بڵێسەی عەشق وەک بلێسەیەکی ئاگرینە

هەردەم دەگەشێتەوە

٧

ئاوی دەریاکان ناتوانێ ئەم ئاگرە بکوژێنێتەوە

لافاوەکان ناتوانێت ئەم ئاگرە سەرنگون بکا

هەر پیاوێک بیهەوێ

سەروسامانی بۆ عەشق بدات

هەڵبەت سوکایەتی پێ دەکەن

٨

خوشکێکی بچوکمان هەیە

بەدوو مەمکی کاڵەوە

چی بکەین گەر رۆژێ

بێنە داوای؟

٩

ئەگەر ئەو دیوار بووایە

کۆشکێکی زیوومان لەسەر سازدەکرد

گەر دەروازە بووایە

بەداروچێوی سەوڵ

پەرژینمان دەکرد

١٠

دیوارم من

مەمکەکانم بورجەکانیەتی

من لەچاوەکانی ئەودا

میهروگەورەیی دەدۆزمەوە

١١

سولەیمان رەزێکی هەبوو لە «بەعەل هامون»

بەهەزار سکەی زیوودای بەکرێ

بۆ میوەکەی هەرکەس

هەزار سکەی زیووی دەدا

١٢

ئەی سولەیمان

رەزەکەی من لێرەیە، بەرامبەر بەتۆ

هەزار سکەی زیوو بۆتۆ بێ

دووسەد سکە

بۆ ئێشکچی میوەکانی

١٣

تۆ کە لە باخەکاندا نیشتە جێی

هاورێکان ئاوازت دەبیستن

من لەو دەنگە بێ بەش مەکە

١٤

خێراکە، خۆشەویستەکەم

وەک ئاسک

یان وەک کارمامز لەسەر کێوە بۆنخۆشەکان بە